حکومەتی هەرێمی کوردوستان ـ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی
زانکۆی گەرمیان/کۆلێژی پەروەردە
بەشی /جوگرافیا
قۆناغی چوارەم

# فراوانبوونی شارنشینی لەشاری بەغداد وکاریگەری لەسەر زەوییە کشتوکاڵیەکان

ئامادەکردنی:
فازڵ عباس ئیبراهیم

<u>2721کوردی</u> <u>2021زاینی</u>

## پێشەکی

کێشـەی فراوانبوونی شـارنشینی لەسـەر حیسـابی زەوییە کشـتوکاڵیەکان یەکێکە لەو کێشـانەی کە زۆربەی وڵاتانی جیهان پێوەی دەناڵێنن بەتایبەت ئەو شـارانەی کە دانیشـتوانیان بەشـێوەیەکی خێرا زیاددەکات. وەفراوانبوونی شـارنشـینیش بەزیادبوونی بەردەوامی ژمارەی دانیشـتووان دەناسـرێت ئەگەر ئەم زیادبوونە ڕێکخراو بێت یان ناڕێکخراو. وەئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی خواست لەسـەر زەوییە کشـتوکاڵیەکان ودواتر دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوسـەنگی ژینگەیی. وەکشـتوکاڵیش یەکێکە لەبەکارهێنانی زەوییە گرنگەکان کەڕووبەرێکی فراوان دەبات، وەچالاکییەکی گرنگ لەچالاکییە هەرێمییەکانی شـار پێکدەهێنێت، لەسـەر بناغەی ئەوەی کەشـار پشـتی پێ دەبەسـتێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویسـتییەکانی لەکەرەستە خۆراکییەکان.بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری سروشتی و مرۆیی لەماوەی چەند دەیەیەک شـایەتی ئەوە ئەدەن کە چالاکی کشـتوکاڵی بەشـێوەیەکی ترسـناک پاشـەکشـەی کردووە کەوای کردووە عێراق پشـت بەهاوردەکردن ببەسـتێت لەسەبەتە خۆراکییەکەیدا.

## پێگەی شاری بەغداد

شـاری بەغداد دەکەوێتە دەشتی نیشتوو ودەکەوێتە نێوان باکوری چیایی لەلایەک ودەشتی باشـوور لەلایەکی ترەوە، وە لەنێوان بانی خۆرئاوا ودەشـتی پانکەیی خۆرهەڵات.لەڕووی ئەسـترۆنۆمیشـەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی 33° 25′_33° 15′ باکورو هێڵی درێژی 44° 21′_44° 28′ ڕۆژهەڵات. ڕووبەری شـارەکەش 204کم² یە. بەرزیەکەشی لەئاستی ڕووی دەریـاوە 30_31 مەترە.بۆیە پێگەکەی گرنگییەکی گەورەی هەیە. بەیەکێـک لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی عێراق دادەنرێت لەبەرهەمی کشتوکاڵی.

## فراوانبوونی شارنشینی لەشاری بەغداد

شاری بەغداد بەدەست کۆمەڵێک کێشەی ژینگەییەوە دەناڵێنێت لەئەنجامی گەشەکردنەکەی وزیادبونی قەبارەی دانیشتوانەکەی. وەفراوانبوونی هەرێمەکەی لەسەر حسابی ناوچە سەوزەکان وزەوییە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری، ئەمەش بوەتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی وهاوهێزی لەنێوان گەشەی دانیشتوان و پێداویستییەکان لەلایەک و تێکچونی ئیمکانیەت وکورتهێنانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەکی ترەوە،ئەمە جگەلە هۆکاری کۆچکردن بەرەو شارەکە. فراوانبوونی شارنشینی لەشارەکە بەدوو شێوازی سەرەکییە ئەوانیش (فراوانبوونی هەڕەمەکی) کەمەبەست لێی کشانی شارنشینی بێ پلانە کەزیادەڕۆیی ئەکاتە سەر پلانە بنەڕەتییەکانی شارەکە ولەسەر حیسابی زەوییە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری شارەکە فراوان دەبێت، جگەلە لاوازی کارامەیی ئامێرە هێڵکارییەکان وشارەوانییەکانی تایبەت بەپلان دانانی شارنشینی وەئەمەش کاردانەوەی خراپ دروست دەکات لەسەر شارەکە وناوچەکانی دەوروبەری. وەبڵاوبوونەوەی ئەم شێوازە لەپشت وزیادبوونی دانیشتوانی بەغدادەوەیە.

بەڵام شێوازەکەی تر لەفراوانبوون (فراوانبوونی پلاندانراوە) کەدەگانە شار بەپێی ڕێکخستن و ئامێری دیزاینی بنەڕەتی شار دیاری دەکرێت لەناو یەکە سروشتییەکان و مرۆییەکانی ناوچەکە وسەرپەرشتی ئامادەکردنی پلانێکی تایبەت دەکات بەم فراوانبوونە بەئامێری هێڵکاری ناسراو بەپلاندانانی شار و شارستانی.

## پێشکەوتنی مۆرفۆلۆجی شاری بەغداد

شاری بەغداد شایەتی بەرفراوان بوونی بەردەوامی ڕووبەرەکەی داوە، وەگەشەکردنێکی جیاواز لەقەبارەکەی لەماوەیەکی زەمەنی یەک لەدوای یەک بەدرێژایی تەمەنی کەدەگاتە سیانزە سەدە. بۆیە هەندێک جار دەگەیشتە لوتکەی ودەبویە پێشڕەوی دەوڵەتێک، هەندێک جاریش توشی دارمان و دواکەوتن وڕۆڵە مێژووییەکەی کەمکراوەتەوە وهەوڵی تەسککردنەوەی دراوە لەئیدارەدانی شارێکی بچوک کەنەتوانێت لەدیوارە کۆنەکانی دەربچێت ویان وەک پایتەختی هەرێمێکی پەراوێزخراو بمێنێتەوە. لەبەر ئەمە دەکرێت وێنەیەکی ڕوون لەسەر پێشکەوتنی شارنشینی شارەکە وەگەشەکردنی دانیشتوانەکەی بدەین بەدەستەوە لەئەنجامی دابەشکردنی بۆ کۆمەڵێک قۆناغی مۆرفۆلۆجی.

## **قۆناغی یەکەم/ لەسەرەتای دروست بوونیەوە لەساڵی 762ز تاوەکو 1534ز**

**ئەم قۆناغە قۆناغی دروستبوون وپێشکەوتنی شارەکەیە. زەوییەکانی شارەکە بەشێوەیەکی ڕێکخراو وبەشێوەی بازنەیی بەکارهێنران، هەروەها کۆشکی خەلافەت ومزگەوت وخانەب پۆلیس لەناوەڕاستی شارەکە هەڵکەوتبوو. شاری بەغداد لەماوەی 811_892ز بەبارودۆخێکی سەختدا تێپەڕ دەبوو چونکە لەم ماوەیەدا پایتەخت گوازرایەوە بۆ سامەڕا، دواتریش کەبەغداد بویەوە بەپایتەخت لەسێ ئاڕاستەوە گەشەی کرد. یەکەم بەئاراستەی کەرخ ودووەم بەئاراستەی ڕەسافەو سێیەم بەئاراستەی باشوور.**

## **قۆناغی دووەم/ لەساڵی 1534ز تادروست بوونی دەوڵەتی عێراق لە1921ز**

**لەم ماوەیەدا بەغدا بەگۆڕانکارییە سیاسی وهۆکارە سروشتی و مرۆییەکانەوە تێپەڕ دەبوو وای کرد لەنێوان کەوتن وپێشکەوتن بمێنێتەوە. لەبەر ئەمە وەکو شارێکی بچوک دەرکەوت لەتەنیشت ڕووباری دیجلە وشارەکە هاتاوەکو ساڵی 1830ز فراوانبوونی بەخۆیەوە نەدی. کەلەم ساڵەدا سەرەتای پێشکەوتنی هۆکارەکانی گواستنەوە وەکو هێڵی شەمەندەفەر لەنێوان بەغداد و کازمییە. وە ژمارەی دانیشتووانەکەی گەیشتە 120هەزار کەس بەهۆی دەرکردنی یاسای تۆمارکردنی زەوی ودامەزراندنی یەکەمین شارەوانی لەبەغدا ودروستکردنی ئەنجومەنی شارەوانی وویستگەی پۆستە وپرۆژەی ئاودێری بۆ زەوییە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری شار.**

## **قۆناغی سێیەم/ ساڵی 1921_1935ز تا دەرکردنی یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی شارنشینی**

**دروستکردنی حکومەتی نیشتمانی لەعێراق ڕۆڵی هەبوو لەفراوانبوونی شارەکە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئەگەر هاتوو وەکو ناوەندی سیاسی دەوڵەت هەڵبژێردرا. ساڵی 1923ز کەرخ وڕەسافەو ئەعزەمییە فراوانبوونیان بەخۆیانەوە دیت، بەشێوەیەک کاریگەری بەکارهێنانی زەوییە تایبەتەکان لەسەر گەشەکردنی نیشتەجێبوون دەرکەوت لەدەوروبەری مەزاری ئیمام موسای کازم وابوو حەنیفەی نەعمان وعبدالقادری گەیلانی. هەروەها دەرکەوتنی زەوییە پیشەسازییەکان ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لەسەر شێوازی ناوچەی نیشتەجێبون لەشاری بەغداد.**

**وە لافاوەکانی ڕووباری دیجلەش کاریگەری گەورەی هەبوو لە دیاریکردنی ڕووبەری شارەکەو فراوانبوونی.**

## قۆناغی چوارەم/ 1936_1956ز

**بەدیاری کراوی فراوانبوونی شاری بەغداد دوای سالّی 1952ز بوو، فراوانبوونی بە ئاراستەی باشوور کەمبوویەوە لەلای کەرخ وڕەسافە بەشێوەیەک کازمییە وئەعزەمییە وکەڕادە لەلای ڕۆژهەڵاتەوە فراوانبوون. لەگەڵ بەرزبوونەوەی تێکڕای کۆچکردن لەلادێیەکانەوە بۆشارەکە، یارمەتی شارەکەی دا بەشێوەیەکی خێرا بەئاراستەی باکوور گەشە بکات. لەدەرئەنجامی ئەمەش بەغدادی نوێ وزەعفەرانیە دروستبوون. وە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە هەوڵەکانی پلاندانانی شارەکەیە و سەرەتاش کۆمەڵێک دیزاینی بنەڕەتی بۆشارەکە دانران. یەکەمین دیزاینیش بۆشارەکە لەسالّی 1936ز دانرا بەناوی(بریکس).**

## قۆناغی پێنجەم/1956_1997ز

**لەم قۆناغەدا شارەکە چووە قۆناغێکی نوێ و گرنگەوە، بووە شارێکی ملیۆنی و چیتر ترسی لەکاریگەری لافاوەکان نەما ئەویش بەدروستکردنی کۆمەڵێک پڕۆژە لەسەر ڕووباری دیجلە وفورات وەکو بەنداو وکۆگاکان نمونەش بۆئەمە پڕۆژەی ثرثارة. ئەمەش هانی فراوانبوونی شارەکەیدا لەسەر حسابی زەوییە کشتوکاڵیەکان، لەئەنجامدا شارەکە چڕییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی لەڕووی دانیشتوانەوە لەگەڵ زیادبوونی کۆچکردن بۆی. لە ساڵی 1958ز دیزاینێکی بنەڕەتی نوێ بۆشارەکە دانرا لەلایەن ڕێکخراوی(دوکسیادس).**

## **کاریگەری فراوانبوونی شارنشینی لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان**

**کێشەی کشانی شارەکان لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان کێشەیەکی جیهانیە هەموو وڵاتانی جیهان پێوەی دەناڵێنن. هەتاوەکو ئێستا 1.9ملیار هێکتار لەزەوی بوە بەبیابان ئەمەش بەتایبەت لەو وڵاتانە ڕوودەدات کە ژمارەی دانیشتوانیان بەشێوەیەکی خێرا زیاددەکات. کە ئەمەش پەستان دەخاتە سەر دەرامەتەکان بەتایبەت دەوروبەری شار بەشێوەیەک بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی و کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری جوتیارەکان بۆشار کاریگەری دەکاتە سەر بەرهەمهێنانی خۆراک بەشێوەیەکی سست لەناو زەوییە کشتوکاڵیەکان. یەکێک لەلێکۆڵینەوەکان ئەوەی دەرخستووە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵانە 400هەزار فەدان لەزەوی کەبەکەڵکی کشتوکاڵ دێت ڕووبەڕووی کشانی شارنشینی بۆتەوە لەماوەی 1972_2000ز. هەروەها وڵاتی چینیش بەهەمان شێوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان ملیۆنێک هێکتار لەزەوییە کشتوکاڵیەکان ڕوبەڕووی لەناوچوون بۆتەوە.**

**وڵاتە عەرەبیەکانیش لەم کێشەیە بێبەش نین، بۆنمونە لەبەحرەین لەساڵی 1976ز دەوە 8000 دۆنم لەزەوییەکەی لەدەستداوە لەبەکارهێنانی بۆ نیشتەجێبوون وپیشەسازی، هەروەکو شاری دەوحە بەهۆی فراوانبوونەکەیەوە زیادەڕەوی کردۆتە سەر کێڵگەکانی دەوروبەری. هەروەها لەمیسر ساڵانە 1253 فەدان زەوی کشتوکاڵی لەناودەچێت بەهۆی فراوانبوونی شارنشینی. هەروەها شاری عەممان لەئوردن فراوانبوونێکی شارنشینی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە لەسەر حسابی زەوییە کشتوکاڵیەکان بەشێوەیەک ڕووبەری شارنشینی لەشارەکە لەساڵی 1945ز لەدەوروبەری 4.4کم² بوو کەچی ساڵی 1994ز گەیشتۆتە 144کم²، وە لەهەمان ساڵدا ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵیەکان لە212کم² دابەزیوە بۆ 129کم².**

## كشانی شارنشینی بۆسەر زەوییە کشتوکاڵیەکان

**ڕووبەری شـــاری بەغداد لەســـاڵی 1930ز یەوە تاوەکو ئێســـتا دوو هێندە زیادی کردووە بەهەموو ئـاڕاســـتەکـانـدا گەشـــەی کردووە، وە زەوییەکـانی چواردەوری کەپێکهـاتووە لەباخەکان پێداویستییەکانی شارەکەی پڕدەکردەوە وکاریگەری هەبوو لەسـەر ئاووهەوای شارەکەو ژینگەکەی بەشێوەیەکی ئەرێنی. وە شارەکەش گەشـەیەکی خێرای بەخۆیەوە دی لەکۆتایی پەنجاکانی سـەدەی بیسـتەم. ژمارەیەکی زۆری گوندنشین ودانیشـتوانی شـارەکانی تری عێراق ڕوویـان لەبەغدا کردووە بەهۆکـاری ئـابووری و ســـیاســـی و کۆمەڵایەتی. ئامارەکان ئاماژە بەوە ئەکەن ژمارەی دانیشـــتووانی شـــاری بەغداد لەســـاڵی 1970ز گەیشتۆتە 2.2ملیۆن کەس، وە لەساڵی 1997ز بەرزبۆتەوە بۆ 3.9ملیۆن کەس، وە دواتر بەرزبۆتەوە بۆ 6.6ملیۆن کەس لەساڵی 2006ز.**

**کۆتایی ساڵی حەفتاکان وسـەرەتای سـاڵی هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتەم، نەتوانرا کۆنترۆڵ بکرێتە سـەر فراوانبوونی شـارنشـینی لەشـاری بەغداد.ئەمەش وایکرد زیادەڕەوی بکرێتە سەر نەخشەی بنەڕەتی شارەکە وگۆڕانی هەندێک ناوچەی سەوز بۆ ناوچەی نیشتەجێبون. کەئەمەش بوەهۆی دابەزینی ڕێژەیەکی بەرزی ناوچەی سەوزایی.**

**نەبوونی هۆشـیاری ژینگەیی وسـیاسـەتێکی پلاندانەر بۆ ڕاگرتنی گەشـەی شـارنشـینی و بەکارهێنانی زەوییەکان بوەتە هۆی ســـەرهەڵدانی کشـــانی شـــارنشـــینی لەشـــاری بەغداد وئەمەش بوەتە هۆی وزیادەڕۆیی کردتە ســـەر پ نە بنەڕەتییەکانی شـــارەکە. لەپ نەکە نـاوچەیەکی فراوانی ســـەوزایی دەبێ وەک خۆی بمێنێتەوە بەڵام گۆڕا بۆ بەکـارهێنـانی نیشـــــتەجێبوون لەگەڵ زیادبوونی خواســـــ لەســـــەر یەکەکانی نیشـــــتەجێبوون وبەرزبوونەوەی تێکڕای گەشـــەی دانیشـــتوان بۆ4%. لەشـــارە گەورەکانی واڵتانی وەکو بەڕیتـانیـا بۆ هەر تـاکێـک 23م² ڕووبەری ســـــەوزایی بەردەکەوێـ ولەئەمەریکـا 46م². کەچی لە شارێکی وەکوو بەغداد ناگاتە 0.49م².**

## گەشەی قەبارە و ڕووبەری شاری بەغداد وبچووککردنەوەی زەوییە کشتوکاڵیەکان

| ساڵەکان | ڕووبەری شار/ دۆنم | ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵیەکان/دۆنم | ژمارەی دانیشتووان |
|---|---|---|---|
| 1979_1970 | 340.200 | 238.134 | 2.236.412 |
| 1989_1980 | 341.334 | 207.064 | 3.019.150 |
| 1999_1990 | 342.942 | 176.987 | 3.927.512 |
| 2011_2000 | 343.267 | 127.967 | 6.630.622 |

## کۆمەڵێک هۆکار بەشدارن لەزیادبوونی بەکارهێنانی نیشتەجێبوون وفراوانبونی شارنشینی لەشاری بەغداد.

■ شکاندنی هەموو یاساکان لەلایەن تاکەوە یان لەلایەن حکوومەتەوە لەگەڵ ئاڵۆزبوونی ئامێرەکانی یاسادانان و جێبەجێکاران، وەنەبوونی سزای وزیادەڕۆیی کاران لەسەر زەوییە کشتوکاڵیەکان بەتایبەتی لەدوای ساڵی 2003، ئەمە جگە لەهۆکارەکانی کۆچکردنی ناوخۆیی و دەرەکی بەئاراستەی شارەکە.

■خراپتربوونی قەیرانی نیشتەجێبون و ئارەزووی هاوڵاتیان بۆ گەیشتن بەزەوییەکانی نیشتەجێبوونی هەرزان.

■ نەبوونی پلانێکی داهاتوو بۆ جێگیرکردنی زۆربونی دانیشتووان وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وئابووری بەمانای ئەوەی کەئەو زەوییانەی لەناوچە پەراوێزخراوەکان وبیابانەکانە پ نی بۆدابنرێ بەمەبەستی ڕاکێشانی دانیشتوان بۆی وەکو شارێکی دەستکرد ودروستکردنی شارە کشتوکاڵییەکان لەڕێگای گەیاندنی ئاو بۆیان.

■ دابەزینی داهاتی تاک بەبەراورد لەگەڵ نرخی زەوییەکان ویەکەکانی نیشتەجێبوون لەشارەکە.

■ بەرزبوونەوەیەکی گەورە لەنرخی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەکەرتی نیشتەجێبوون

بۆ زیاتر لە60%ی نرخی سروشتی خۆی لەچەند دەیەی ڕابردوو.

■ دەرکەوتنی کێشـــــــەی نیشــــــــتەجێبوونی هەڕەمەکی بەشـــــــێوەیەکی گەورە وەگەشـــەکردنی بەئاراستەی زەوییە کشتوکاڵیەکان.

وە تێبینی گۆڕانی ڕووبەری ســنووری ئیداری شـــاری بەغداد دەکرێ کە لە ســاڵی 1973 بەردەســتبووە کە لە 331،362دۆنم گەیشــتۆتە 343،267دۆنم، لەماوەی ســاڵانی 2000-2011 ڕووبەری زەویە کشتوکاڵیەکان لە 130،026دۆنمەوە دابەزیوە بۆ 127،267. واتە لەم ماوەیەدا زەویە کشـــتوکاڵیەکان 2،729دۆنم کەمی کردووە بە هۆکاری فراوانبوونی شارنشینی لەسەر حسابی زەویە کشتووکاڵیەکان.

## دەرئەنجام

بەغداد بە ناوەندی سیاسی و کارگێڕی و ئابووری و شارستانی و گەورەترین شاری عێراق و دووەمین گەورە شاری عەرەبیە لەدوای قاهیرە، ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە 8 ملیۆن کەس بەپێی ســەرژمێری ســاڵی 2014. وە شــارەکە چەندین قۆناغی گەشــە وپێشــکەوتنی بەخۆیەوە بینیووە، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ گۆڕانکاریە شــــارســــتانیەکان و پلانانداندان و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ســـیاســـی، هەروەکو چۆن ڕەنگی داوەتەوە لە شـــارســـتانیە چنراوەکەی و بەکــارهێنــانی زەوی تێیــدا دەبێتە زیــاد بوونی بەردەوام لەفراوان بوونی شــارنشــینی بەشــێوەیەکی گەورە لە ناوەوەی شــار، بەهۆکاری خراپ تر بوونی کێشــەکانی نیشـــــتەجێبوون و کەم بوونەوەی زەوی نیشـــــتەجێبوون و بەرز بوونەوی نزخەکەی و گرانبوونی نرخی کەرەســـتەی پیشـــەســـازی دوو شـــێوازی فراوانبوون لە شـــاری بەغداد دەردەکەوێ ئەوانیش فراوان بوونی بە پلان کە بەپێی ڕێکخســـــتن و ئـامێرەکـانی دیزاین بنەڕەتی شــــارەکە دادەنرێ، وە فراوان بوونی هەڕەمەکی زیادە ڕۆی دەکاتە ســــەر پلانە بنەڕەتیەکان و کشانی لەسەر حسابی زەویە کشتوکاڵیەکان کە شوێنەواری نێگەتیڤ بە جێ دەهێڵێت لە نزمبوونەوەی بەرهەمی کشــــتوکاڵی و لەناوبردنی ڕووبەرێکی گەورەی زەوی کشتوکاڵی گونجاو ئەمە جگە لە خراپ بوونی ژینگە و بەرز بوونەوەی ڕێژەی پیسبوون.

## سەرچاوەكان

1. أ.م.سوسن صبيح حمدان، م.م.حنان حسين دريول، التوسع الحضري لمدينة بغداد واثره على الاراضي الزراعية، مجلة كلية تربية اساسية، مجلد 19، العدد التاسع والسبعون،قسم جغرافية_جامعة المستنصرية.

2. م.م. شهباء احمد علي التميمي، دور الزحف العمراني على استعمالات الأرض الزراعية المحيطة بمدينة بغداد، مجلة الهندسة والتنمية – المجلد الثامن عشر – العدد السادس – تشرين الثاني ،جامعة المستنصرية / كلية الهندسة / قسم المعماري.

3. فاضل انصاري، جغرافية بغداد، موسوعة العربية، مجلد خامس، 2012 على الموقع http://arab-ency.com.sy/detail/2051